١٧

# هەڵسەنگاندنی پەرتووکی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان بەشی (جوگرافیا)یی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەڕوانگەی مامۆستایانەوە

-م.مریم محمد ڕوستم

Mryam  Mhamad Rostam

-مامۆستا/بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان/کۆلێجی پەروەردەی بنەرەتی/زانکۆی سلێمانی/کوردستان.

## پوختەی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زانینی **"هەڵسەنگاندنی پەرتووکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بەشی(جوگرافیا)ی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەڕوانگەی مامۆستایانەوە.**

" ڕێبازی بەکارهاتووی لەجۆری وەصفی، پێداویستیەکانی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە

کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی دیاریکرد پێکهاتووە لە مامۆستایانی هەردوو بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات ورۆژئاوا ،لەناوەندی پارێزگای سلێمانی نموونەی توێژینەوەکەی لێوەرگیراوە بەشێوەی هەرەمەکی سادە لەجۆری(قورع)ە،کە ژمارەیان بەگشتی(٤٠ )مامۆستایە ،وە(٢٠) لەبەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات،(٢٠) لەبەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا. توێژەر ئامڕازی توێژینەوەکەی ئامادەکرد لە جۆری ڕاپرسی کراوە ئەویش پێکهاتووە لە سێ تەوەری سەرەکی ، بەگشتی ژمارەی بڕگەکانیش بریتیەکە( ٢٥ )بڕگە.لەپاش دڵنیابوون لەڕاستی وجێگیری ئامرازەکە توێژەر دەستیکرد بەجێ بەجێکردنی توێژینەوەکەی بۆهەردوو گرووپەکە، ،بۆ ساڵی خوێندنی(٢٠٢٢-٢٠٢٣) ز، دوای کۆتایی هاتنی ئەزموونی توێژینەوەکە هاوکێشەی ئاماری بەکارهێنراوە،وەك هاوکێشەی پێرسۆن ،ناوەندی شیاوی ،کێشی سەدی،کارهێناوە،توێژینەوەکە بەکۆمەڵێک ڕاسپاردەوپێشنیارکۆتایی هاتووە.

## ملخص البحث:

الهدف الرئيسي من هذه الدراسة هو معرفة "تقويم كتاب القضايا الاجتماعية لقسم جغرافيا الصف الثامن الأساسي من وجهة نظر المعلمين"."الطريقة المستخدمة في نوع البحث التي تلبي احتياجات البحث نفسه

تتكون مجموعته البحثية من معلمين من مديريات التربية والتعليم الشرقية والغربية في وسط محافظة السليمانية. أخذت عينة البحث بصيغة عشوائية بسيطة من القرآن الكريم، بإجمالي ٤٠ معلما، و٢٠ في مديرية التربية الشرقية، و(٢٠) في مديرية التربية الغربية. أعد الباحث أداة الدراسة في استطلاع مفتوح ويتكون من ثلاثة محاور رئيسية وعدد الفقرات ٢٥ فقرة. وبعد التأكد من صحة الأداة واستقرارها، شرع الباحثان في تنفيذ الدراسة لكلا المجموعتين، للعام الدراسي (٢٠٢٢-٢٠٢٣)، وبعد وصول الخبرة البحثية التي استخدمها زملاء العمل الإحصائي، بحسب زميل بيرسون، استخدمت مركز أهلية وزن ١٠٠، وخلصت الدراسة إلى عدد من التوصيات والتوصيات.

# بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە:

## ١.١.کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەکانی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن جۆراو جۆرن ،لە بابەت و ئامرازەکانی فێرکردن و،ژینگەی فێربوون. لەناویشیاندا پەرتووکی خوێندن و ئامادەکردن و داڕشتن و شێوازی بەکارهێنانی ئامرازەکانی لەلایەن مامۆستایانەوە پێویستیە بۆ سەرکەوتن وجێبەجێکردنی کاری پرۆسەی فێرکردن،کە بریتییە لە شێوازێك یان مادەیەك یان ئامرازێك مامۆستا بەکاری دەهێنێت بۆ ئەوەی خوێندکاران بگەیەنە ڕاستیەکان وتێگەیشتن وزانست وپەروەردە بە خێراترین کات وکەمترین تێکۆشان،پڕۆگرامەکانی خوێندنی بابەتی جوگرافیا دەناسرێن بەوەی زانیاری یان چەمک یان بنەما ویاسای گشتی دەگرێتەوە مامۆستا بەکاری دەهێنێت بۆ بەدەستهێنانی کارامەیی وشارەزایی وراستیەکان وچاکسازی لە ئاڕاستەو گۆڕانی ڕەفتاردا(هاشمی،٢٠٠١: ٩٨).

لەبەرئەوە پەروەردە سیستەمێکە بەردەوام لەکارلێکردنە لەگەڵ سیستەمەکانی دیکە کاریگەری دەبێت وکارتێکەرە بەوانی دیکەوە پێویستی بەهەڵسەنگاندنی بەردەوامی لایەنەکانی بەگشتی و پڕۆگرامەکانە بەتایبەتی چونکە پڕۆگرامەکان ڕۆڵی سەرەکی هەیە لەپێگەیاندنی تاکەکان بۆخزمەتکردنی کۆمەڵگە،بابەتی جوگرافیەش پەیوەندی بەلایەنی دیاردەی سروشتی ومرۆیی وژینگەی قوتابیەوە هەیە بۆیە بەردەوام پێویستی بەهەڵسەنگاندنی پێکهاتەی ناوەڕۆکی بابەتەکە هەیە.کێشەی هەمەجۆری لەخۆگرتووە لە داڕشتنی ئامانجەڕەفتارییەکان وچالاکی فێرکاری وهەڵسەنگاندن وئامڕاەکانی وانەوتنەوە بەشێوەیەکی گونجاودیاری نەکراوە کە بگونجێت لەگەڵ ناوەڕۆ ک وئاستی زانستی قوتابیان دا(قەرەداغی،٢٠٠٥: ٢٠٨).. هەروەک لە توێژینەوەی (ڕۆستەم،٢٠١٦)لەئەنجامی ڕاپرسیەکی کراوە خراوەتەبەردەستی ژمارەیەک پسپۆڕی شارەزای پەروەردەی کەڕاوبۆچوونیان کەکەموکورتی لەناوەڕۆکی پەرتووکی جوگرافیادا خستۆتەڕوو:

١-نەبوونی ڕێبەرێکی گونجاوبۆوانەووتنەوە.

٢-نەبوونی تاقیگەیی پێویست بۆئەنجامدانی چالاکییەکانی بابەتەکە.

٣-نەبوونی خولی وانەوتنەوەی مامۆستایانی جوگرافیابەشێوەیەکی پێویست نیە تاکوبەشداربن بۆئاشنابوونیان بە گۆرانکارییەکانی سەردەم وتەکنەلۆجیایی نوێ.

ئەنجامدانی چەندین توێژینەوە ئاماژەبە بە ئاستی لاوازی پرۆگرامەکان دەکەن،هەمووئەمانە پێکەوە ئەو راستیە دەچەسپێنن کە پێویستە گرنگی بەبەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری پەرتووکی خوێندن وگونجاندنی لەگەڵ تواناو ئاست قوتابیان دا بدرێت و گەشەی کارامەییەکان وئاستی زاستی و بەکارهێنانی ئامرازەکا جۆراو جۆرەکانی پرۆسەی فێربوون وفێرکردن تاکو بناغەیەکی مەعریفی دابمەزێت لە ناو کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا بەبێ جیاوازی (خوێندکاران ئامانجی سەرەکی هەموو پرۆسەیەکی پەروەردەن وبەردی بناغەی پاشەڕۆژی نەتەوەن وهەموو کارێك کە وەزارەتی پەروەردە دەیکات هەر لە کردنەوەی خوێندنگەوە تا دەگاتە ئامادەکردنی بەڕێوبەرو مامۆستاو کتێب وهەموو پێداویستیەکانی خوێندن تەنهاو تەنها لە پێناو خوێندکار دایە،باری پەروەردەیمان ئێستا پاشماوەی ساڵانی پێشووە ئەوسیستمانەی تێداماوەو ئێستا پەیرەو دەکرێت هێشتا سیستەمێکی دیموکراتی لە خوێندنگەکان پەیرەو ناکرێت ،خوێندکار زۆربەی جار پێچەوانەی ئارەزوو ئاواتەکانیان دەخوێنن و پاڵنەری تەواویان بۆ فێربوون نییە چ لە ژینگەی خویندنگەبیت یان ژینگەی خێزان وجۆرێك لە ساردیان لە خوێندن پێوە دیارە.

سەبارەت بەوکۆنفرنس وکۆنگرانەی کە لە بواری پەروەردەدا ئەنجامدراوە کۆنفرانسی سێیەمی پەروەردەیکەلە ساڵی (٢٠٠١)دالەبرگەی(٣)کۆنگرەکەدا هاتووە بۆ زاڵ بوون بەسەر تەنگوچەڵەمەکانی خوێندن دا تێیدا جەختکرا لەسەر دابین نەکردنی کتێبی خوێندن کەبەشێوەیەک ناوەرۆکێکی زانستی

هەبێت کە بگونجێت لەگەڵ ئاستی زانستی قوتابیان پێشکەوتوو،وەبێ ئاگابوون لە پێشکەوتنی نوێ وانەوتنەوە پەرەپێ بدات.(وەزارەتی پەروەردە،٧٨:٢٠٠١).

هەروەها لە ڕاپۆرتی کۆتایی کۆنگرەی پەروەردەی(٢٠٠٧)دا تایبەت بەکێشەکانی پرۆسەی خوێندن لە خوێندنگەکاندا لەبرگەی(٣)دا هاتووە لەتەوەری پێشنیازەکانی لەبرگەی(٢٤)داهاتووە تایبەت بەکێشەی مامۆستایان ئاماژەکراوە بەمەبەستی ئاشنابوون بە شێوازی وانەوتنەوەولەڕێگەی شیوازو بەرنامەی فێرکاری لەناوەندەکانی خوێندن دا،چاکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن.(وەزارەتی پەروەردە،٢٠٠٧: ٢٢٠).

بۆیەتوێژەر لەئەنجامی نەبوونی توێژینەوەی پەرتووکی بابەتی کۆمەڵایەتی قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی تایبەت لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی

پەرتووکی نوێی(٢٠٢٢-٢٠٢٣)بابەتی جوگرافیا بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی پێشنیاری ئەم پرسیارەی لادروست بووە.

**ئایا هەڵسەنگاندنی پەرتووکی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان بەشی(جوگرافیا)ی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەڕوانگەی مامۆستایانەوە لەچ ئاستێکدایە ؟.**

**٢.١.ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی توێژینەوەکە بەم شێوەی خوارەوە دەردەکەوێت:

**هەڵسەنگاندنی پەرتووکی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان بەشی(جوگرافیا)ی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەڕوانگەی مامۆستایانەوە لەچ ئاستێکدایە؟**

**١.٣.گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

١-دەبێتە بەرچاو ڕوونیەك بۆوەزارەتی پەروەردەو لایەنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بەکێشەکانی ناوەڕۆکی زانستی پەرتووکەکە.

٢-دەکرێت ببێتەسەرچاوەیەکی بەسوود بۆدەوڵەمەندکردنی پەرتووکخانەکان کەبەزمانی کوردییە.

٣-سوودی دەبێت بۆمامۆستایان وقوتابیانی پۆلی هەشتەم کە ئامادەکراوە.

## ١.٤. سنوری توێژینەوەکە:

١-مرۆیی : مامۆستایانی بابەتی جوگرافیای پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە هەردووبەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات ورۆژئاوا.

٢-کات: وەرزی دووەمی خوێندنی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣).

٣-شوێن:شوێنی جوگرافی خوێندنگە بنەڕەتیەکانی هەردووبەڕێوبەرایەتی ڕۆژهەڵات ورۆژئاوا لەناوەندی پارێزگای سلێمانی.

٤-بابەت: کتێبی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی بەشی جوگرافیا پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.

## ١.٥.پێناسەی زاراوەکانی توێژینەوەکە:

١.٦.١.هەڵسەنگاندن:

ئەو پرۆسەییە کە بڕیاری تێدا دەدرێت لەسەر ڕادەی بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانی پرۆسەی پەروەردە(زیدان،٢٠٠٨: ١٦٦).

یان باسكردنی شتێكە و بڕیاردان لەسەر گونجاندنی ئەو شتە.( الصمادی والدرابیع،٢٠٠٤ :٣٣).

توێژەرپێناسەیی تیۆری: (زیدان،٢٠٠٨) بۆهەڵسەنگاندن دیاری دەكات.

پێناسەی ڕێكاری هەڵسەنگان : پرۆسەیەكی كۆكردنەوەی زانیارییە بڕیاردان لەسەر لایەنی بەهێزولاوازی پەرتوكی بابەتی كۆمەڵایەتی پۆلی هەشتەمی بنەرەتی بۆ وتنەوەی بابەتی جوگرافیاو وە ئاستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە.:

١.٦.٢.جوگرافیا:

بریتییە لە و زانستەی كە باسكردن یان لێكۆڵینەوە لەسەر ڕووی زەوی دەكات. (نبهان،٢٠٠٣: ١٣٨).

ئاماژەكردنی (عمر،٢٠٠٤) ئەو زانســـتەیە كەلەگەڵ بابەتەكانی دیكەدا بەشداریی دەكات لە پێگەیاندنی هاونیشتیمانییەكی باش بۆ كۆمەڵگەكەی بەپێی ژینگەو سروشتی دەوروبەری .(عمر،٢٠٠٤:١٥).

پێناسەی تیۆریەوە بۆ جوگرافیا بریتییە لە: بریتیە لەبابەتێكی زانستی تیۆری وپراكتیكی كە ڕاستەوخۆ لەدیاردەسروشتی ومرۆییەكانی سەر ڕووی زەوی دەكۆڵێتەو، بەمەبەستی پێكهێنانی كەسایەتی قوتابی لەژینگەی دەوروبەردا.

پێناسەی ڕێكاری جوگرافیا: بریتییە لەو زانستەی كە لەزانیاری وچەمك و بنەماو ڕێساویاسا پێكهاتووە ناوەڕۆكی پەرتووكی خوێندنی پۆلی (٨)بنەڕەتی دیاریكراوە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوەی هەرێمی كوردستانەوە.

١.٦.٣. مامۆستا:

مامۆستا كەسایەتیەكە كە ڕێنمایی كراوە وراهێنراوە بۆ پیشەی وانەوتنەوە وئاراستەكراوە بۆ هاوكاریكردنی پرۆسەكەو مامەڵەكردنی دروست لەگەڵ قوتابیان دا لەژینگەیی فێركردن دا. (ربيع وغول،٢٠١٣ : ١١).

مامۆستاكەسایەتیەكی سەركەوتووە لەپرۆسەی پەروەردەدا بەبنەمایەكی سەرەكی دادەنریت بۆ پێگەیاندنی تاكەكانی كۆمەڵگە. (حەسەن،٢٠١٣،ل١٧)

توێژەرپێناسەیی تیۆری ((ربيع وغول،٢٠١٣ : ١١) ) بۆمامۆستا دیاری دەكات.

پێناسەی ڕێکاری مامۆستا: کەسایەتیەکە پەیوەستە بە پەروەردەو فێرکردن لەناودام ودەزگای پەروەردەی دا بۆپێشەی وانەوتنەوە کاریگەری لەسەر ڕەفتاری قوتابیان هەیە.

بەشی دووەم: ٢.١. چوارچێوەی تیۆری

## ٢٠١٠١ • هەڵسەنگاندن:

## ٢٠١٠١ • ١•چەمکی هەڵسەنگاندن:

پرۆسەیەکی سیستماتیکی لەلایەن کەسانی پسپۆرو کارامە پراکتیزە دەکرێت بۆگەیشتنێکی دیاریکراو کەپێشتر پلانی بۆ دانراوە لەڕێگای تاقیکردنەوەی ئەو گریمانانەی پەیوەندیان بە ئاستی ئەو فیرخوازە هەیە هەڵیدەسەنگێنن بۆ ئەوەی رەفتارکانی دیاری بکەین وئاستی لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی ومەعریفی زانیارییەکانی ناوپرۆگرامی خوێندن دیاری بکەین(قادر،٢٠١٨: ٧٢)، هەروەها ڕەگەزی هەڵسەنگاندن پێویستە تاکو کۆمەکی ئەوانە بکات کە هەڵدەستن بەکاروباری پرۆگرام و کتێبی خوێندگە بە داتاو زانیاری پێویست لە پێناو ڕاستکردنەوەو بەرەوپێشبردنی هەندێك لایەنی بنەڕەتی دا، کە ڕێگری دەکەن لە گەیشتن بە مەبەستە خواستراوەکان لە پرۆگرامی خوێندنگە و دۆزینەوەیچارەسەری شیاو لەکات و شوێنی گونجاودا ( ماهر و أخرون، ٢٠٠٣ : ٢٢ ) .ئەم گرنگی پێدانە بە شێوازەکانی هەڵسەنگاندن، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە هەیەتی لە دروستکردنی بڕیارە جۆربەجۆرە پەروەردەییەکاندا، چونکە لەڕێگەی هەڵسەنگاندنەوە کارایی و کاریگەری بەرنامەی پەروەردە دەزانرێت، و ئاراستەی ڕێڕەوەکەی دەکرێت لەهەر قۆناغێك لەقۆناغەکانی ئامادەکردن، یان جێبەجێکردندا بێت، هەروەك چۆن لە ڕێگەیەوە پرۆگرامەکانی خوێندن هەڵدەسەنگێندرێت (علام، ٢٠٠٧: ١٩). هەڵسەنگاندن پێداچوونەوە بۆ کاری پەروەردەیی دەکات، هەروەها کردارەکانی پلاندانان و بەرەوپێشبردن و چاککردن پشتی پێدەبەستێت بەهۆی ئەوەی کە سەرچاوەی بنەڕەتییە، کە ڕادەگات بە ووردەکارییەکانی ئاستی کارایی بەرنامەی پەروەردەیی و چالاکییەکانی و بابەتەکانی، و خاڵە بەهێز و لاوازەکان و پێویستییەکانی ئاینده دەخاتەڕوو، بەم جۆرە کرداری هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی مایەی گرنگی پێدانێکی زۆرە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا. (الحریری، ٢٠٠٧ : ٣٨).

## ٢٠١٠١ • ٢ •جۆرەکانی هەڵسەنگاندن:

## ٢٠١٠١ • ٢• ١• هەڵسەنگاندی سەرەتایی:

ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە لەسەرەتای هەر پرۆگرام و خول و وەرشەی کارەکە دا دەبێت ،بۆئەوەی لە ڕێگە یەوە تواناو ئاستی فێرخواز یان بەشداربوو دیاری بکرێت .سوودی ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە ئەوەیە کە دەتوانرێت بەپێی لێهاتووییەکانیان بەسەر گروپ و پۆلەکاندا دابەش بکرێت سەرەڕای ئەوەش بابەت و زانیاریەکان بەپێی تواناو لێهاتوویان

ئامادەبکەین،هەروەها دوای پێدانی بەرنامەو پرۆگرامەکەو تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنیان ،دەتوانین دەرئەنجامە کە بەدەرئەنجامی ئەم هەڵسەنگاندنە بەراورد بکەین.

**١٠١٠٢ ٠٢٠٢** هەڵسەنگاندنی پێکهێنەری (بونیادی)

ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە هاوشانی پرۆسەی فێرکردنە و هەر لە یەکەم هەنگاوی فێرکردنەوە تاکۆتای کۆرس یان وەرز و ساڵەکە بەردەوام دەبێت،واتە بەردەوام مامۆستا لە ماوەی کورت کورتدا (دوای هەر وانەیەك یان دوای هەر بابەت ویەکەیەکی خوێندن )هەڵسەنگاندنی بۆ فێرخوازەکان دەکات ،بۆئەوەی بزانێت تاچەند سوودیان لەبابەتەکە وەرگرتووە سەرەڕای دیاریکردنی خاڵە بە هێز و لاوازەکانیان،لەم جۆرە هەڵسەنگاندنەدا مامۆستا بابەتەکانی خوێندنی ئەو وەرزە یان ساڵە بەسەر چەند بەش و وانەیەکدا دابەش دەکات و دواتر دوای هەبەر بەش و وانەیەك هەڵسەنگاندن بۆ فێرخوازەکان دەکات. (قەرەچەتانی، ٢٠٠٨: ٢٣٩)

**١٠١٠٢ ٠٢٠٣** هەڵسەنگاندنی کۆتایی (الختامی)

ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندنی پرۆسەی فێرکاری فێربوون لە دوای تەواو بوونی ، وە بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ئاستی وەرگرتنی بڕیار دەربارەی گواستنەوە و دەرچوونی فێرخواز لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر یان مانەوەی لە هەمان قۆناغ یاخود وەرگرتنی بڕوانامەی دەرچوون بە فێرخواز دەدرێت،وە خاڵە بەهێزو لاوازەکانی پرۆگرامی دەردەکەوێت و لەڕێگەیەوە بڕیار لەسەر باشی وخراپی دەدرێت،ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە هەڵدەستێت بە بڕیاردان لەسەر ئەو تاقیکردنەوانەی کە مامۆستا ئەنجامی دەدات لە کۆتایی ساڵ،وەرزێك،یاخود هەر یەکەیەکی فێرکاری فێربوونی دیاریکراودا. (الحيلة،٢٠٠٣،ص٣٨١)

**١٠١٠٢ ٠٣ ٠خەسڵەتەکانی هەڵسەنگاندن:**

١- ڕاستێتی : لەو مەرجانەی کەدەبێت بەدیبهێندرێت لەداڕشتنی بڕگەکانی ئامرازی هەڵسەنگاندنەکە ڕاستی بوونە، واتە توانای پێوانەکردنی ئەو شتەی هەبێت کەلەپێناویدا.

٢- نەگۆری: پێویستە پرۆسەی هەڵسەنگاندن بناسرێت بە نەگۆری، بەواتای ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنەکە وەك خۆی بمێنێتەوە لەکاتی دووبارە ئەنجامدانەوەی هەڵسەنگاندنەکە لەکاتێکی دیکە یاخود کەسێکی

دیکە هەڵسەنگاندنەکە ئەنجام بدات بە بەکارهێنانی هەمان ئامراز. . (الجمل، ٢٠٠٥: ١٩٣).

٣- بابەتی :مەبەست لە بابەتی بوون ئەوەیە, کە هۆکار و پاڵنەرە کەسیەکانی خودی هەڵسەنگێنەر کاریگەری نەبێت لەسەر ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنەکە.

٤-پلاندانان: مەبەست لە دانانی نەخشەیەکی گشتگیرە بۆ هەڵسەنگاندنەکە کە سەرجەم لایەنەکانی پەیوەست بە پرۆسەی هەڵسەنگاندنەکە لەخۆبگرێت. .(الساموك والشمری، ٢٠٠٥: ١٣٤ )

**٠٢٠٢توێژینەوەکانی پێشوو:** بەوشێوەی کەلە خشتەی ژمارە(٢-١)داهاتووە

**خشتەی ژمارە(٢-١)**

| هەڵسەنگاندنی کتێبی جوگرافیای پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەڕوانگەی پێوەی جیهانی ئەمریکا | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژ | ناوی باپیر | ساڵ شو ێن | کۆمەڵ گە نموونە | ئامرازی توێژینەو | ئەنجام |
| ١ | العجر ش حیدرح اتم و روبیح ی عزدار | ٢٠١ ٥ بابل | ـــــــ | ڕاپرسی | ئەم توێژینەوەیە لە ئەنجامی ئەو شیکردنەوەیەدا دەرکەوت کە (٨٤٠) بیرۆکە لە کتێبی بنەماکانی جوگرافیای گشتیدا هەن کە ستانداردەکان و (١٦٠) بیرۆکە کە بەردەستن لەگەڵ ستانداردەکان دەگونجێن، و (٢٧) ستاندارد هەیە کە لە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا هەیە و (٢١) ستانداردی تێدا نییە ڕێژەی ئەو پێوەرانەی کە لە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا هاتووە (٢,٠٧٪) بووە.. |
| | ناونیشان: هەڵسەنگاندنی کتێبی مێژووی نۆی بنەڕەتی لەتێڕوانینی مامۆستایانەوە. | | | | |
| ٢ | ئەلغەزا لی محمد | ١٩٩٥ | ١٠٠ مامۆستا | ڕاپرسی | مەرجەکانی کتیبی زانستی تێدا فەرامۆش کراوە سەرەرای بوونی جیاوازی ئاماری بەڵگەداری لەنێوان ڕەگەزی نێرو مێ دا.. |
| ٣ | هەڵسەنگاندنی بابەتی ڕێزمانی کوردی لەقۆناغی ناوەندی لەتێڕوانینی مامۆستایانەوە.. | | | | |
| | خەلیف انی علی | ٢٠٠٠ | ١٢٠ مامۆستا | فۆرمی ڕاوەرگرتن | ئاسانی لە زمانی بابەتەکەدا هەیە،لاوازی لە جۆراوجۆرو نموونەی گشتگیری دا هەیە. |

## ٢٠٢ • سوودبینین لە توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژەر لە میانەی گەڕان بەدوای توێژینەوەکانی پێشووچەندین سوودی وەرگرتووە

١- بۆ داڕشتنی پێشەکی وکێشەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی لۆجیکی.

٢-بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕاستێتی وجێگیری"ئامر}ازەکە.

٣-شێوازی بەکارهێنانی ئامڕازەئامارییەکان.

## بەشی سێیەم: ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە:

## ٣.١ • میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەدا بە پێت سروشت و ئامانجی توێژینەوەکە وە گەڕان و وردبوونەوەی لە توێژینەوەکانی پێشوو توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێنراوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

## ٣.٢ • کۆمەڵگای توێژینەوە :

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە مامۆستایانی ڕەگەزی { نێر ومێ} کە بابەتی جوگرافیا دەڵێنەوە لە پۆلی (هەشتەمی) بنەڕەتی لە خوێندنگە بنەڕەتیەکانی هەر دوو بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە ناوەندی پارێزگای سلێمانی ،کە ژمارەیان بە گشتی{ ٢٦٨ } مامۆستایە، دابەشکراون بەسەر هەردووخوێندنگەکانی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ، وە بەو شێوەیەی کە لە خشتەی(٣-١) دا خراوەتەڕوو:

**خشتەی ژمارە(٣-١)کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

| ڕەگەز / بەڕێوبەرایەتی | ژمارەی مامۆستایان |
|---|---|
| پەروەردەی ڕۆژئاوا | ١٧٧ |
| پەروەردەی ڕۆژهەڵات | ٩١ |
| کۆی گشتی | ٢٦٨ |

## ٣.٣ • نمونەی توێژینەوەکە:

بەمەبەستی هەڵبژاردنی نموونەی مامۆستایان بە شێوەیەك کە زۆربەی شوێنە جوگرافیاکان لە خۆبگرێت وە بەپێی توانای توێژەر ،بۆیە پەنای بردە بەر هەڵبژاردنی نمونەیەك لە خوێندنگاکانی هەر دوو

بەڕێوبەرایەتیەکەدا وە بۆ ڕەچاوکردنی شیاوترین شێوازی لەلایەن دابەشبوونی سنوری جوگرافیەوە، ئەو خوێندنگانە لە هەر یەك لەو دوو بەڕێوبەرایەتییەکە بەشێوەی هەرەمەکی سادە

لە جۆری (قورعە) هەڵبژێردران، بەم شێوەیە ژمارەی خوێندنگاکانی نموونەی توێژینەوەکە (٤٠) خوێندنگەیە ، وە لەبەر ئەوەی لەهەر خوێندنگەیەك (١) مامۆستای جوگرافیا هەڵدەبژێردرێت بۆیە لە و خوێندنگانەی کە ژمارەیان زیاتر لە (١)مامۆستای جوگرافیای تێدایە تەنها یەك مامۆستا هەڵبژێردراوە بە هەمان شێوازی هەرەمەکی سادە لە جۆری (قورعە).بەمەبەستی وەرگرتنی ڕاوبۆ چوونی زیاترلەمامۆستایان، بۆیە پشت بەست بە ژمارەی خوێندنگاکان و مەرجی هەڵبژاردنی یەك مامۆستا لەهەر یەك لە و خوێندنگانە هەڵبژاردراوانە،مامۆستایانی توێژینەوەکە بەگشتی(٤٠

)مامۆستایە، لە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات ، و بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژئاوا لە ناوەندی پارێزگای سلێمانی، بەو شێوەیەی کە لە خشتەی( ٣-٢) دا ،خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە(٣-٢)نموونەی توێژینەوەکە**

| ژ.مامۆستا | پسپۆری | ناوی خوێندنگە | سنوری جوگرافیا |
|---|---|---|---|
| ١ | کۆمەڵایەتی | لیلی زانا | زەرگەتەی کۆن |
| ٢ | جوگرافیا | دیاکۆ | کورسات |
| ٣ | جوگرافیا | پەیام | سەرکارێز |
| ٤ | کۆمەڵایەتی | ڕەزبەر | شێخ عباس |
| ٥ | کۆمەڵایەتی | ئاریاس | زێرینۆك |
| ٦ | کۆمەڵایەتی | پێشرەو | پردی کۆبانی |
| ٧ | کۆمەڵایەتی | ئاریاس | نالی |
| ٨ | کۆمەڵایەتی | ئارارات | خەبات |
| ٩ | کۆمەڵایەتی | ئارۆنا | شێخ عباس |
| ١٠ | کۆمەڵایەتی | کامەران موکری | گۆیژە |
| ١١ | کۆمەڵایەتی | گۆیژە | أبراهیم پاشا |
| ١٢ | کۆمەڵایەتی | قەیوان | زەرگەتە |
| ١٣ | جوگرافیا | ئاڤێستا | کازیوە |
| ١٤ | کۆمەڵایەتی | شاری سپی | شاری سپی |
| ١٥ | کۆمەڵایەتی | سەرسەنگ | سەیوان |
| ١٦ | کۆمەڵایەتی | ئازادی | ئازادی |
| ١٧ | کۆمەڵایەتی | علی کمال | علی کمال |
| ١٨ | کۆمەڵایەتی | ڕۆژ | سلێمانی |
| ١٩ | کۆمەڵایەتی | ڕەزبەر | ولوبە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٠ | جوگرافیا | جمهوری | سەرشەقام |
| ٢١ | کۆمەڵایەتی | ڕۆژهەڵات | سابونکەران |
| ٢٢ | کۆمەڵایەتی | حەمرین | شەهیدانی ئازادی |
| ٢٣ | کۆمەڵایەتی | خەڵات | هەواری تازە |
| ٢٤ | کۆمەڵایەتی | نەوەی نوێ | کانی با |
| ٢٥ | جوگرافیا | ئامێدی | ئاوبارە |
| ٢٦ | کۆمەڵایەتی | زانکۆ | زانکۆ |
| ٢٧ | کۆمەڵایەتی | گڵەزەردە | کورسات |
| ٢٨ | کۆمەڵایەتی | شاد | قەیوان سیتی |
| ٢٩ | کۆمەڵایەتی | برایەتی | ئاشتی |
| ٣٠ | کۆمەڵایەتی | سیروان | چوار باخ |
| ٣١ | کۆمەڵایەتی | دڵدار | هەوارە بەرزە |
| ٣٢ | جوگرافیا | ئەکرەم قەزاز | بەختیاری |
| ٣٣ | جوگرافیا | ژیر | قولەرەسی |
| ٣٤ | جوگرافیا | کوێستان | کانی کوردە |
| ٣٥ | جوگرافیا | ناوزەنگ | ڕاپەڕین |
| ٣٦ | جوگرافیا | دەرسیم | تاقگە |
| ٣٧ | کۆمەڵایەتی | سارا | چوار چرا |
| ٣٨ | کۆمەڵایەتی | بەفرانبار | کانی سپیکە |
| ٣٩ | کۆمەڵایەتی | دیاکۆ | شوقەکانی ڕۆژستی |
| ٤٠ | جوگرافیا | ئاماد | بەکرەجۆی تازە |

## ٤.٤ • ئامرازی توێژینەوە :

### ١-هەنگاوەکانی ئامادەکردنی ئامرازی تویژینەوەکە :

توێژەر هەستاوە بە ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکەی بەپێی سروشت وئامانجی توێژینەوەکە لەجۆری ڕاپرسی کراوە ئامادەکرد کە خۆی لە سێ تەوەری سەرەکی و (٢٥)برگەدا دەبینیەوە بەم شێوەی خوارەوە:

تەوەری یەکەم: برگەکانی هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی زانستی. (٩) برگە.

تەوەری دووەم:ئامرازە فێرکارییەکان. (١٠)برگە.

تەوەری سێیەم: چالاکییە فێرکارییەکان (٦)برگە

### ٢-ڕاستێتی ئامرازەکە:

توێژەربەمەبەستی ڕاستێتی ئامرازەکە خستیەبەردەستی ژمارەیەك پسپۆری شارەزاکە ژمارەیان(١٧)شارەزایەلەبواری جوگرافیا،ڕێگەکانی وانەووتنەوەو پێوانە وهەڵسەنگاندن، وە ئاماژەکردن بەڕەهەندی

وەڵامدانەوەی( بەهێزە،تاڕادەیەک بەهێزا، لاوازە) لەپاش تەواوبوون وپێداچوونەوەی هەر(٢٥)بڕگەکە بەگونجاودانران ئەنجامدانی توێژینەوەکە.

## ٣-جێگیری ئامڕازەکە:

توێژەر بۆدۆزینەوەی جێگیری نموونەیەکی سەرەتایی ئەنجامداراوە بۆ(٥)مامۆستا بەدەر لە نموونەی توێژینەوەکە،کە شێوازی دووبارەتاقیکردنەوەی بەکارهێناوە واتە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی یەکەم دووبارە تاقیکردنەوەی دووەم دوای دووهەفتە لەتاقیکردنەوەی یەکەم ئەنجامی دایەوە بەسەرهەمان مامۆستایان لەهەمان قوتابخانە دا،پاش تەواوکردنی تاقیکردنەوە وەهەڵەچنیکردنی وەڵامەکان هاوکێشەی پێرسۆنی بەکارهێناوە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی کە بەڕێژەیی(%٨٥)بەگونجاودانراوە.بەوشێوەوەی کەلە خشتەی ژمارە(٣-٣)داهاتووە.

خشتەی ژمارە(٣-٣)ناوی خوێندنگەکانی بەدەستهێنانی جێگیری توێژینەوەکە

| ناو / بەڕێوبەرایەتی | ناوی خوێندنگە | سنوری جوگرافیا |
| --- | --- | --- |
| پەروەردەی ڕۆژئاوا | ابراهیم احمد | دارۆغا |
| پەروەردەی ڕۆژهەڵات | امین زەکی | مجید بەگ |
| پەروەردەی ڕۆژهەڵات | تووی مەلیک | تووی مەلیک |
| پەروەردەی ڕۆژئاوا | نەغدە | کانی سپیکە |
| پەروەردەی ڕۆژهەڵات | ابراهیم پاشا | گۆیژە |
| کۆی گشتی | ٥ | |

**٣٠٥٠جێ بەجێکردنی توێژینەوەکە:** توێژەر هەستاوە بەجێ بە جێکردنی توێژینەوەکەی

لەبەرواری ( ٢٠-٩-٢٠٢٣ ) بۆ هەردوو بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات ورۆژئاوای ناوەندی پارێزگای سلێمانی بەلایەنی کەمەوە ڕۆژی دوو خوێندنگە سەردانی دەکرد بۆئەنجامدانی توێژینەوەکەی.

## ٣ ٠٦٠ئامڕازە ئامارییەکان:

١-هاوکێشەی ئاماریی (پێرسۆن) بۆ دۆزینەوەی جێگیری ئامانجەکان.

$$\text{ر} = \frac{\text{ن مج س ص} - \text{مج س} \times \text{مج ص}}{\sqrt{\left(\text{ن مج س}^2 - \text{مج س}\right)^2 \left(\text{ن مج ص}^2 - \text{مج ص}^2\right)}}$$

ر = هاوکێشەی پێرسۆن ن = ژمارەی کەسەکان س = ئەنجامی جێ بەجێکردنی یەکەم

ص = ئەنجامی جێ بەجێکردنی دووەم مج = سەرجەم

(عوض،٢٠٠٩:٦٧)

٢. ناوەندی شیاو:
بۆشیکردنەوەو جێ بەجێکردنی بڕگەکانی توێژینەوەکە:

$$\text{ناوەندی شیاو} = \frac{\text{ت}1\times3+\text{ن}2\times2\times\text{ن}3\times1}{\text{کۆی گشتی ت}}$$

(شحادة،٢٠١٠: ٤٥)

هاوکێشەی ڕێژەی سەدی: بەکارهێنراوە بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی سەدی بڕگەکانی ئامڕازەکە.

$$\text{ڕێژەی سەدی} = \frac{\text{ژمارەی بەش}}{\text{ژمارەی گشتی}} \times ١٠٠$$

( الکبیسی
، ٢٠٠٩ : ٧٩ )

## بەشی چوارەم: ٤ ٠١٠ خستەڕوو شیکردنەوەی ئەنجامەکان

١- بۆ دەرهێنانی ناوەندی شـــیاوی بڕگەکان توێژەر وەڵامە دوبارەکانی لە بڕگەیەکیان لە بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسییەکەیان بەپێی ڕەهەندە دانراوەکان (بەهێز، تاڕادەیەك بەهێز، لاواز) ئەژمارکردووە بۆ ئەژمارکردنی ئەم نرخانەش

بە ڕەهەندی یەکەم (سـێ) نمرە دانراوە، بۆیە ڕەهەندی دووەم (دوو) نمرە دانراوە و بە ڕەهەندی سێیەم (یەك) نمرە دانراوە.

٢- ناوەندی ژمێری پێوەری سـێ ڕەهەندییەکە دادەنرێت بە (٢)، کە پێوەرێکە بۆ جیاکردنەوەی لایەنی بەهێز و لاوازی بڕگەکان، هەر بڕگەیەك ناوەندی شـیاوەکەی (٢) یان زیاتر بوو، ئەوا واتایی لایەنی بەهێزی تەوەرەکانی ئامرازەکە نیشـاندەدات ئەگەر (٢) کەمتر بوو، واتە لایەنی لاوازی تەوەرەکان نیشاندەدات.

٣- توێژەر پێی باشبوو شـیکردنەوە بۆ بڕگە بەهێز و لاوازەکان بکات، پاشـان بەپێی ئەنجامە بەدەسـت هاتووەکان ڕاڤە و ڕوونکردنەوەیەکی زانسـتی بکرێت .

## تەوەری یەکەم:بڕگەکانی هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی زانستی

خشتەی ژمارە (٤-١)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی و پلە بەندی بۆ بڕگەکانی هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی زانستی

| ژ بڕگەکان | بەهێزە | تاڕادەیەک بەهێزە | لاوازە | کۆی گشتی | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. تاچەند ناوەڕۆکی بابەتەکە گونجاوە لەگەڵ ئامانجەکاندا ڕەفتارییەکادا. | ٩ | ١٥ | ١٦ | ٤٠ | ١.٨٢ | %٦٠ | ١٥ |
| ٢. ناونیشانی بابەتەکان گونجاوە بۆ هەریەک لەبابەتەکان. | ٢٨ | ٩ | ٣ | ٤٠ | ٢,٦٢ | ٪٨٧ | ٥ |
| ٣. تاچەند ناوەڕۆکی بابەتەکە گونجاوە لەگەڵ ئاست وتەمەنی قوتابیان دا. | ٣٢ | ٦ | ٢ | ٤٠ | ٢,٧٥ | ٪٩١ | ٣ |
| ٤. ناوەڕۆکی ئامانجە ڕەفتارییەکان توانایی جێ بەجێکردنی هەیە . | ٩ | ١٥ | ١٦ | ٤٠ | ١،٨٢ | ٪٦٠ | ١٥ |
| ٥. بابەتەکان بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش دیزاین کراوە. | ٢٢ | ١٦ | ٢ | ٤٠ | ٢,٥ | ٪٨٣ | ٩ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦. مامۆستا توانای جێ بەجێکردنی بابەتەکەی هەیە بەشێوەیەکی زانستی . | ١٨ | ٢٠ | ٢ | ٤٠ | ٢,٤ | ٪٨٠ | ١٢ |
| ٧. تاچ ڕادەیەك ڕێگەکانی وانەوتنەوە گونجاون لەگەڵ ناوەڕۆکی وانەکان دا. | ٢٨ | ٩ | ٣ | ٤٠ | ٢,٦٢ | ٪٨٧ | ٥ |
| ٨. ڕێگەکانی وانەوتنەوەئامانجی وانەکە بەدی دەهێنێت . | ٦ | ١١ | ٢٣ | ٤٠ | ١،٦٧ | %٥٥ | ١٦ |
| ٩. تاچ ڕادەیەك ڕێگەکانی وانەوتنەوە گونجاون بەشێوەی گروپاتە. | ٩ | ١٥ | ١٦ | ٤٠ | ١،٨٢ | %٦٠ | ١٥ |

بەپێی ئەو زانیارییە ئامارییانەی کە لە خشتەی (٤-١) هاتووە، سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی پەرتووکی خوێندن، بۆ یرگە بەهێز و لاوازەکان بکەین، کە لە (٩) یرگە پێك هاتبوو، سەرجەمی یرگەکان پلەکانیان بەهیزبوو وەک(٢-٣-٥-٦-٧)،بۆنموونە یرگەی(٣)کەبریتیەلە(تاچەند ناوەڕۆکی بابەتەکە گونجاوە لەگەڵ ئاست وتەمەنی قوتابیان دا.) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ناوەڕۆکی گونجاوە لەگەڵ ئاستی قوتابیان و زیاتر ئارەزوو پاڵنەریان بۆفێربوون بێت ،جگە لە یرگەکانی (١-٤-٨-٩) کە پلەکەیان ئاست لاواز بوو. بەجۆرێك یرگە بەهێزەکان بەرزترین ناوەندی شیاویان دەکەوێتە نێوان (٢،٧٥–٢,٤ )، بەرزترین کێشی سەدیان دەکەوێتە نێوان (%٩١ - ٪٨٠)، بە بەرزترین پلەبەندی (٣-١٢) هەروەها یرگە لاوازەکان نزمترین ناوەندی شیاویان دەکەوێتە نێوان (١,٨٢-١,٦٧) نزمترین کێشی سەدییان دەکەوێتە نێوان (٪٦٠ - ٪٥٥) بە نزمترین پلەبەندی (١٥-١٦)واتا لەئاستێکی لاوازدایە.

خشتەی ژمارە (٤-٢)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی و پلە بەندی بۆ ئامرازە فێرکارییەکان

| ژ | یرگەکان | بەهێزە | تاڕادەیەک | لاوازە | کۆی گشتی | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .١٠ | تاچەند نەخشەکان گونجاون لەگەڵ ناوەڕۆکی پرۆگرامەکە | ٢٧ | ١٠ | ٣ | ٤٠ | ٢,٦ | ٪٨٦ | ٦ |
| .١١ | لەڕووی قەبارەوە تاچەندبەشێوەیەکی گونجاودانراوە. | ٢٦ | ١٣ | ١ | ٤٠ | ٢,٦٢ | ٪٨٧ | ٥ |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .١٢ | دیاریکردنی سنوری جوگرافیای شوێنەکان بەشێوەیەکی دروستە. | ٣٠ | ٧ | ٣ | ٤٠ | ٢,٦٧ | ٪٨٩ | ٤ |
| .١٣ | نەخشەکان بەشێوەیەك دانراون کەلەگەڵ ئامانجی وانەکە بەدی بهێنرێت. | ٢٧ | ١٠ | ٣ | ٤٠ | ٢,٦ | ٪٨٦ | ٦ |
| .١٤ | نەخشەکان بەشێوەیەك لەگەڵ ئاست وتوانای قوتابیان دا گونجاوە. | ٢٢ | ١٦ | ٢ | ٤٠ | ٢,٥ | ٪٨٣ | ٩ |
| .١٥ | بەشێوەیەکی جۆراوجۆر دانراوە لەگەڵ هەمەجۆری بابەتەکە. | ٦ | ١١ | ٢٣ | ٤٠ | ١،٦٧ | %٥٥ | ١٥ |
| .١٦ | ناوەڕۆکی نەخشەکان بەشێویەکی زانستی دانراوە. | ٧ | ١٢ | ٢٣ | ٤٠ | ١.٦٧ | %٥٥ | ١٦ |
| .١٧ | سوود بەخشن بەمەبەستی گەیاندنی زانیارییەکان بە بیری قوتابیان | ٢٧ | ١٠ | ٣ | ٤٠ | ٢،٦ | %٨٦ | ٦ |
| .١٨ | تا چ ڕادەیەك بەشێوەی سەرنج ڕاکێشن | ٩ | ١٥ | ١٦ | ٤٠ | ١،٨٢ | %٦٠ | ١٦ |
| .١٩ | ئامرازەکان گونجاون لەگەڵ ناوەڕۆکی پرۆگرامەکە | ٦ | ١١ | ٢٣ | ٤٠ | ١,٦٧ | ٪٥٥ | ١٥ |

بەپێی ئەو زانیارییە ئامارییانەی کە لە خشتەی (٤-٢) هاتووە، سەبارەت بە ئامرازە فێرکارییەکان ، بۆ پرگە بەهێز و لاوازەکان بکەین، کە لە (١٠) پرگە پێك هاتبوو، سەرجەمی پرگەکان پلەکانیان بەهیزبوو وەک(١٠-١١-١٢-١٣-١٤-١٧)بۆنموونە پرگەی(١٢)کەبریتیە(دیاریکردنی سنوری جوگرافیای شوێنەکان بەشێوەیەکی دروستە.)ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت قوتابیان فەشێوەیەکی دروست شوێنی جوگرافیایی وڵاتان بزانن ودیاری بکەن، لە جگە لە پرگەکانی (١٥-١٦-١٨-١٩) کە پلەکەیان ئاست لاواز بوو. بەجۆرێك پرگە بەهێزەکان بەرزترین ناوەندی شیاویان دەکەوێتە نێوان (٢،٨٩–٢،٨٣)بەرزترین کێشی سەدیان دەکەوێتە نێوان (٨٩% - ٨٦%)، بە بەرزترین پلەبەندی (٤-٦) هەروەها پرگە لاوازەکان نزمترین ناوەندی شیاویان دەکەوێتە نێوان (١,٨٢-١,٦٧) نزمترین کێشی سەدییان دەکەوێتە نێوان (٦٠٪ - ٥٥٪) بە نزمترین پلەبەندی (١٥-١٦).

خشتەی ژمارە (٤-٣)

ناوەندی شیاو و کێشی سەدی و پلە بەندی بۆ چالاکییە فێرکارییەکان

| ژ | بڕگەکان | بەهێزە | تارادەیەک بەهێزە | لاوازە | کۆی گشتی | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠. | چالاکییە فێرکارییەکان بەشێوەیەکی گونجاوە لەگەڵ ناوەڕۆکدا. | ٣٤ | ٦ | ٠ | ٤٠ | ٢,٨٥ | ٪٩٥ | ١ |
| ٢١. | تاچەند چالاکییەکان توانایی جێ بەجێکردنیان هەیە لەلایەن قوتابیانەوە. | ٢٧ | ١١ | ٢ | ٤٠ | ٢,٦٢ | ٪٨٧ | ٥ |
| ٢٢. | چالاکیەکان بەشێوەیەکی جۆراوجۆرن. | ٩ | ١٥ | ١٦ | ٤٠ | ١،٨٢ | %٦٠ | ١٦ |
| ٢٣. | تاچ ڕادەیەك بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێشن. | ٢٣ | ١٤ | ٣ | ٤٠ | ٢,٤٢ | ٪٨٠ | ١٢ |
| ٢٤. | چالاکیەکان تاچ ڕادەیەك سوود بەخشن. | ٢٤ | ١٢ | ٤ | ٤٠ | ٢,٥ | ٪٨٣ | ٩ |
| ٢٥. | تاچەندبەشێوەی گروپات جێ بەجێ دەکرێت | ٦ | ١١ | ٢٣ | ٤٠ | ١،٦٧ | %٥٥ | ١٥ |

بەپێی ئەو زانیارییە ئامارییانەی کە لە خشتەی (٤-٣) هاتووە، سەبارەت بە چالاکییە فێرکارییەکان ، بۆ بڕگە بەهێز و لاوازەکان بکەین، کە لە (٦) بڕگە پێك هاتبوو، سەرجەمی بڕگەکان پلەکانیان بەهێزبوو وەک(٢٠-٢١-٢٣-٢٤) بۆنموونە بڕگەی(٢٠)کەبریتیە(چالاکییە فێرکارییەکان بەشێوەیەکی گونجاوە لەگەڵ ناوەڕۆکدا)،ئەمەش ئەوەدە گەیەنێت کە زیاتر خوێندکاران چالاک بن وبەشداری چالاکییەجۆراوجۆرەکانی وانەوتنەوە بکەن کەلەلایەن مامۆستاوە چاودێری دەکرێت وبیری قەتابیان بۆ وانەکە ببورۆژێت.

جگە لە بڕگەکانی (٢٢-٢٥) کە پلەکەیان ئاست لاواز بوو. بەجۆرێك بڕگە بەهێزەکان بەرزترین ناوەندی شیاویان دەکەوێتە نێوان (٨٥،٢– ٢،٥) بەرزترین کێشی سەدیان دەکەوێتە نێوان (%٩٥ - %٨٣)، بە بەرزترین پلەبەندی (١-٩) هەروەها بڕگە لاوازەکان نزمترین ناوەندی شیاویان دەکەوێتە نێوان (١,٨٢-١,٦٧) نزمترین کێشی سەدییان دەکەوێتە نێوان (٪٦٠ - ٪٥٥) بە نزمترین پلەبەندی (١٥-١٦).

## بەشی پێنجەم:

## دەرئەنجام-پێشنیاز-ڕاسپاردەکان:

## ۱٠٥دەرئەنجام:

١-بوونی کەم وکورتی ولاوازی کەهەندێت ناوەڕۆکی زانستی پەرتووکەکەدا لەگەڵ ئامانجەکاندا بەڕێژەی(١،٨٢)لەئاستێکی لاوزادایە.

٢-بوونی کەم وکورتی ولاوازی کەهەندێت ناوەڕۆکی زانستی پەرتووکەکەدا لەگەڵ ڕێگەکانی وانەوتنەوەدا بەڕێژەی(١،٦٧)لدئاستێکی لاوازدایە.

٣-لاوازی لە ئاستی هەندێک لە ئامرازافێرکارییەکان بەهۆی نەبوونی یان کۆنییەوە بەڕێژەی(١،٦٧)لەئاستێکی لاوادایە.

٤-کەمی یان نەبوونی یاخودبەکارنەهێنانیان لەلایەن مامۆستایانەوە لەهەندێک لەچالاکییە فێرکارییەکان بەشێوەی گروپات جێبەجێ ناکرێت بەڕێژەی(١،٦٧)لەئاستێکی لاوادایە..

## ٥ ٢٠ڕاسپاردەکان:

١- وەزارەتی پەروەردە پێداچوونەوە  بە پرۆگرامی بابەتی زانستە کۆمەڵایەتیەکان پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بکرێت هەمو ئەو هەڵەو کەموکورتیەزانستیانەی تیایدایە چارەسەر بکرێت.

٢-پێداچوونەوەی تەواوی وێنە فێرکاریەکان و نەخشەکانی ناو پەرتوکەکە لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆر و شارەزا بەئاستێکی بەرز لەم بوارەدا.کەبگونجێت لەگەڵ ناوەڕۆک وئاستی قوتابیاندا،

٣-مامۆستاڕێگەوچالاکی جۆراوجۆربەکاربهێنێت بەمەبەستی بەشداریکردنی قوتابیان بۆباتەکە.

**٥ ٣٠ پێشنیازەکان:** بەمەبەستی  ئەنجامدانی توێژینەوەیەیەکی دیکە بەم شێوەی خوارەوە:

١-  هەڵسەنگاندنی پەرتووکی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان بەشی (جوگرافیا)یی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەڕوانگەی بەڕێوبەری خوێندنگەوە.

٢- هەڵسەنگاندنی پەرتووکی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان بەشی (جوگرافیا)یی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیەوە.

## لیستی سەرچاوەکان:

**__بە زمانی کوردیی:__**

- وەزارەتی پەروەردە،حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢٠٠٧): **کۆنگرەیی پەروەردەی ڕاپۆرتی          کۆتایی  کۆنگرەی پەروەردەی ٢٢، -٢٠٠٧/٥/٢٤**،هەولێر،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

- وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان عێراق(٢٠٠١): **کۆنفرانسی کۆنفرانسی پەروەردەی لەرۆژانی (١٠-١١-١٢-ئەيلولی،(٢٠٠١)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە**،هەولێر.

- رۆستم،مريم محمد (٢٠١٦): **هەڵسەنگاندنی کارئەنجامدانی کارامەييەکانی وانەوتنەوە لای مامۆستايانی جوگرافيا لە قۆناغی ئامادەيی**،زانکۆيی سلێمانی،کۆلێجی پەروەردەيی بنەرەتی.

-حەسەن،علی (٢٠١٣): **مامۆستای سەرکەوتوو**،چ١،سلێمانی.
-عمر، حمە امين (٢٠٠٤): **سيتەمی نوێ خوێندن وگۆرانکاری**،چ١،سلێمانی.
-قادر،ڕەمەزان حمەامين(٢٠١٨)**ڕێگاکانی وانەوتنەوە شێوازەتيۆری وپراکتيکيەکان**،

چ٢،چاپخانەی چوارچرا،سلێمانی.

-قەرەنی، ئەحمەد محمد (٢٠٠٥):**ئاسۆی پەروەردەی**،ژ ٧٢،هەولێر.-جاف،سەردار (٢٠٠٦): ئاسۆی پەروەردەيی ، ژ ٧٣، هەولێر.
-قەرەچەتانی ، کەريم شەريف( ٢٠٠٨ )**سايکۆلۆجی پەروەردەيی ,** چاپخانەی پەيوەند, سلێمانی.

__بەزمانی عەرەبی:__

- الحلية،محمد محمود (٢٠٠٣) : **طرائق التدريس استراتيجيات** ،ط١،دار الكتب الجامتى،عمان.

- الكبيسي ،ابراهيم محمد و عبدالحكيم ( ٢٠٠٩ ): **القياس والتقويم الصفي** ،ط ١ ، عمان الأردن .
- زيدان،محمد ابراهيم (٢٠٠٨): **أساليب تدريس الدراسات الاجتماعية**،ط١،عمان،الاردن

٦-الساموک ،عماد عبدالكريم والشمرى، يحى (٢٠٠٥): **مباد ئ علم النفس التربوية**،ط٢، دار الكتب الجامعي ،العين

-الجميل ، محمود محسين. (٢٠١٥)**:المدخل الى التدريس،**ط٢،دار الشروق للنشر والتوزيع،عمان.

-الحريريه، محمد شاكر(٢٠٠٧): **القياس والتقويم التربوى**،چ١، دار البدايه،عمان، الاردن

-الصمادي،عبدالله وماهرالدرابيع(٢٠٠٤)**:القياس والتقويم النفسي والتربوية** ،ط١،مركز يزيد - الكرك.

خەليفانى،على(٢٠٠٠)**:تقويم موضوع قواعد اللغة الكردية في منتصف وجهة نظر المعلم.**

-ربيع عبدالله الجقندى ، دخول، محمد (٢٠٠٨):**المعلم العصرى فؤ التربية و طرق التدريس**، دار قتيبة للطباعة و النشر و التوزيع ، دمشق .

-شحادة،نعمان عابد (٢٠١٠):**التحليل الاحصائي فى الجغرافية والعلوم الاجتماعى**،دار صفاء ،عمان

-العجرش حيدر حاتم و روبيعى،عزدار(٢٠١٥): **تقويم كتاب الجغرافيا للصف السابع الأساسي من العالم الأمريكي**،جامعەبابل**.**

-علام،صلاح الدين محمود(٢٠٠٧: ***،القياس والتقويم التربوى والنفسي*** ،دار الفكر العربى،القاهرة.

-عوض،مراد كمال محمد (٢٠٠٩): **الاحصاء التربوية**،ط١،دار البداية ناشرون وموزعون،عمان.

-ماهر، حســـين محمود(٢٠٠٣):**تصــميم البرامج التعليمية لاطفال ما قبل المدرسة**، ط١، القاهرة .

-نبهان، يحيى محمد (٢٠٠٣): **معجم مصطلحات الجغرافيا والتأريخ** ،ط١، دار يافا العلمية ،عمان.

-هاشمى،مجد هاشم(٢٠٠١):**الاتصالات التربوية وتكنلوجيا** التعليم،ط١،دارالمنهج،عمان.

ئەلغەزالى، محمد (١٩٩٥):**التقويم كتب التاريخ الأساسية التاسع من وجهة نظر المعلمين**.